# Unhcrی توكیا بەرپرسیارە لە كوشتنی هاوولاتی خدر محەمەد موسی m – 5337

شــێرزاد فاتــح

خدر محەمەد موسی (ناسراو بە حاجی خدر) لەبەر خراپی باری ئەمنی لە كوردستان ساڵی 1988 ناچاربوو كە لەگەڵ هاوسەرەكەیدا كوردستان بەجێبهێڵێ و بۆپاراستنی سلامەتی گیانی و بەخشینی ماق پەنابەری ڕوی كردە (UN) ی توركیا، بەلام بەداخەوە (UN) وەك پیشەی هەمیشەییان پێش ئەوەی كە لە كێشەكەی بكۆڵنەوە و تاوتوێی بكەن یەكسەر وەڵامی ڕەفزیان بە كێشەكەی دایەوە، ئەو لە توركیا ماوەیەكی زۆر لەسەختترین هەل و مەرجدا ژیانی كرد، لە كۆتایی ساڵی 1999 دا لەلایەن (UN) ەوە بە تەواوی مەلەفی كێشەكەی داخراو پشتگوێخرا، مانەوە لە چاوە ڕوانیدا لە توركیاو ژیانیش بەو سەختییە كارێكی ئاسان نەبوو، هەر ئەمەش بوو وای كرد كە هاوسەرەكەی خدر بگەڕێتەوە كوردستان بۆ لای منالەكانیان و لەبەر نەبوونی هیچ ئەمنییەتێك بۆ ژیانی خدر لە كوردستان ناچار بوو كە درێژە بەو ژیانە سختەی توركیا بدات .

من لە نزیكەوە ئاگادارم و لە كاتێكدا كە سكرتێری شورای شاری چۆروم بوم هەمان ئەو شارەی كە خدری لێ دەژیا، چەندین جار شەوانە دەهاتنە سەری و ڕێگەیان پێدەگرت و لە توركیاش ژیانی پڕ ئەمن و ئاسایش نەبوو، هەر بۆیەشە من هەم بە تەلەفۆن وهەمیش لە دوو نامەی جیاجیادا بە بەرواری 2001/12/5 و 2002/12/5 (UN) م لەم وەزعە ناخۆش و نەبوونی ئارامییەی ژیانی خدر و چەندین پەنابەری تری ئەو شارە ئاگادار كردەوە، بەلام بە داخەوە ئەوەی بۆ (UN) ی بەناو پاراستنی ماق مرۆڤ گرنگ نەبوو وەك كاری هەمیشەییان، پاراستنی باری ئەمنی و ئاوڕدانەوە بوو لە وەزع و كێشەی خدر و پەنابەران، لەوەڵامەكانیشیان دا بە من دەیانگووت كە گوایە خدر لای ئێمە مەلەفی داخراوەو كارێكی لای ئێمە نەماوە تۆ بۆ دیفاعی لێ ئەكەیت . . !! بە ڕاستی ئەمە وەڵامی هیچ دەزگایەكی ئینسانی نییە كە ئیدعای پاراستنی ماق مرۆڤ بكات، ئەم وەڵامە لە چوار چێوەی وەڵامی دەزگایەكی سەرو خەڵكی و دەزگایەك كە فعلەن ژیان و ئەمنییەتی خەڵكی بۆ گرنگ نییە دەرناچێت و هیچ جۆرە سیفەتێكی ئینسانی تیا نییە و ئینسانی بوونی ئەم دەزگایە بەتەواوی دەخاتە ژێر پرسییارەوە .

قبوولكردنی ئەم ژیانەو بێ هیوا مانەوەو ژیان كردن لە وولاتێكی پڕ لە برسێتی و بێكاری وەك توركیادا و بە تایبەت بۆ پەنابەران كارێكی ئاسان نەبوو (UN) یش ئامادە نییە كە مەسروفاتی ژیانی قبولكراوەكان دابین بكات چ جای ژیانی دەیان كەسی وەك خدر كە مەلەفەكانیان داخرا بوو، ئەمەجگە لەوەی كە هەر هەفتەی جارێك پۆلیس دەهاتنە سەر ماڵەكەی و دەیان گووت دەبێ توركیا بە جێ بهێڵی چونكە تۆ لە لایەن (UN) ەوە وەڵامی ڕەفزی تەواوت وەر گرتووەو ئەمنییەتت نەماوە، ئەمەش وای كرد كە خدر ناچار بكات دوای نزیك بە سێ ساڵ جێهێڵان و دوور كەوتنەوە لە هاوسەرو منالەكانی وبڕینی چاوی هیوا لە دەرگای (UN) و ناكام مانەوەی هەوڵ و هیواكانی، ملی ڕێگای كوردستان بگرێتەوە بەر و بۆ چەند مانگێك لە تەك منالەكانیدا ژیان بكات، وەك هەمووشمان ئەزانین لە كوردستانێكدا كە لە لایەن ئەحزابی دەسەلاتداری كوردییەوە بە ڕێوە دەبرێت هیچ جۆرە ئەمنییەتێك بۆ ژیانی خەڵك نییە و ئەوان وەك هەمیشە شانی خۆیان خاڵی دەكەنەوە لە پارستنی ژیانی هاوولاتیاندا .

زۆر بە داخەوە لە سەرەتای مانگی 6 ی ئەمساڵداو چەند ڕۆژ لەمەوبەر هەواڵی كوشتنی خدر م بیست بە دەستی چەند چەكدارێكی نە ناسراو، هەرچەند ساڵ لەمەو بەریش بوو كە فەرهاد فەرەج دوای ئەوەی كە لە لایەن (UN) ی توركیاوە

وەڵامی ڕەفزی تەواوی وەرگرتەوە ناچار ڕوی کردەوە کوردستان و بە دەستی چەند چەقۆ کێشێکی ئیسلامی و لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە شاری سلێمانی کوژرا .

ئەم بێدەر بەسییەی (UN) ی بەناو دەزگای پاراستنی ماڤ مرۆڤ بۆ هەموو ئینسانێك جێگەی پرسیارە، ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە کە بەڕاست ئەوەندە ئاسانە مرۆڤ جگەر گۆشە و کەس و کارو ئازیزان و شوێنی ژیانی چەندین ساڵەی خۆی بەجێبهێڵێ و ڕوو بکاتە ژیانێکی نادیار. . !! ئایا ئەکرێت ئینسان هەر لە خۆڕا ژیانی خۆی بەنادیار بسپێرێ و ڕێگەی هات و نەهات و پڕ لە مەترسی هەڵبژێرێ ئەگەر بە ڕاستی ژیانی پڕ لە مەترسی و نا ئەمنی نەبێت، بەڵام ئەوەی زۆر ئاسانە بۆ (UN) ئەوەیە کە بە نوکە قەڵەمێك یەکسەر ڕەفز بە پەنابەران بات بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی بڕێك بە ئینسافانە لە کێشەکانیان .

بۆیە (UN) ی تورکیا بەر پرسە لە کارەساتی گیان لە دەست دانی خدر و هەموو ئەو ئینسانانەی کە هەر ئێستا لە تورکیا و لە زۆرێك لە وڵاتانی دنیادا لە مەترسی و دڵەڕاو کێدان و لە ژێر هەڕەشەی دیپۆرت کردنەوەدا قەراریان گرتووە، دیپۆرت کردنەوە بۆ ووڵاتێك کە هیچ جۆرە ئەمنییە تێکی تیا نییەو کەسێك نییە لەبەرامبەر ژیان و ئەمنییەتی خەڵکدا خۆی بە بەر پرس بزانێ، ڕۆژانە دەیان خدر دەکوژرێن .

2003 / 6 / 10

**ســــــــــــــــوید**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم تووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.